<u>بناء الذات ٥</u>

بسم اللهالرحمن الرحيم

(ألحمدلله رب العالمين، الرحمن الرحيم، مالك يوم الدين، اياك نعبد واياك نستعين، اهدنا الصراط المستقيم، صراط الذين أنعمت عليهم، غير المغضوب عليهم، ولا الضالين).
والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه.
السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

له بەشی پێنجەم لە لیقائەکانی بیناء ئەورۆ لە خزمەتتان بەحسی تەکوینی داخلی ئینسان وەکو ذاتەك مەخلوق وئیرتیباطی خیلقەتی ئەو ذاتە بە فیطرەی، و عیلاقە و ئیرتباطاتی وەسائلی ئەو ذاتە بە مەخلوقاتی دکە، تەوضیفی وەسائیلەکانی ممارەسە و نەشاطی ئەو وەسائیلانە کە وفقی ئیرادەی خوای لەبۆ(معرفة الله)، پاشان ئیمان هینان بە خوای، لە بەشەکانی پێشترێ لە خزمەتتان بەحسی ئەوەمان کرد الله(جل جلاله) تەنها مەخلوقی ئیختیار کردبی بە ئیرادەی عیبادەتکردنی تەیسیریی فقط بەشەر بووە، عارد و ئاسمان، مەخلوقاتی دی هەموویان موسەببیح و ساجد و عابدن بە طەوع، بەس ئەو بەشەرە موختارە لەبۆ حەملی ئەو ئەمانەتە، ئەو بەشەرە مەلەکەکی ئیمکانییەتەکی زۆری درایتێ خیلقەتەن لەو هەموو دەوروبەرەی کە تێیدا دەژی، لۆوەی بتانی بەواسطەی ئەو هەموو ئیمکانییەتە کە باری تەعالا مەجالی دایتێ، بتانی ئەو وەظائیفانە ئەدا بکا، کە باری تەعالا ئەصلەن وەك موهیممە لەسەر وجود بەئەمانەت لەسەری دانابی، ئەوە لە خارجی خۆی، لە نەفسی وەخت لە داخیلیشی جوملەك لە طاقات و ئیمکانیات دیسان باری تەعالا بە خلقەت دایتە ئەو ذاتە، لە لیقائی پێشترێ بەحسی ئەوەمان بوو عیلاقەی ئەو ذاتە بەجوملە مەخلوقات کە کو ئیرتباطەکی نەوعی جەذبەك ناومان نا موغناطیسی بەینی ذات و بەینی مەخلوقات هەیە، یەعنی خارجی شەخص ئیرتباطاتی جەذبی لەگەر شەخص خۆی، ئەو ئیرتیباطە گوتمان(بالنهاية) نەتیجەی ئەوەیە کە ئەو ذاتە ئەو شەخسە بتانی ئەو هەموو مەخلوقاتانە بکاتە جسرەك پێ ی بگاتە پشتی مەخلوقات، ئەویش خالیقەکەیە، مەخلوقاتەکان دەبنە جسرەك بەواسطەی مەخلوقات دەگاتە خالقی مەخلوقات، ئەو وەختی موهیممەی مەخلوقات لە پێش چاوی نامینێ عیلاقەی بە مەخلوقات نامینێ، ئەو وەختی مەخلوقات لەبۆی تەسخیر دەبی، گوتمان ئەو جاذبیە نەوعی یە بەینی ذات لەگەر مەخلوقات، هەر ئەوەش بوو بەشەرییەت نەیتانییە ئیستعابی بکا قەدیمەن، چووە پەنای بردتە عیبادەتی ئاسمان بە مانگ و بە رۆژ و بە ئەستێرە، یاخود لەسەر عەرد بە چیاو بە ئاوو بە ئاگرو بە حەیوانات، چونکی ئەو جاذبیەتە لە داخلی مەوجودە نەیتانییە هەزمی کا ئیستعابی کا، لۆیێ هەر ئەو ماددانەی بەخوا دانایە، باری تەعالا لە قورئان ئیشارەتی زۆری ئەو حالەتەی هەیە، ریسالە هاتیە تەحدیدی مەوقیفی ذاتی کردیە بەرامبەر مەخلوقات، کە مەخلوقات مەرحەلەکە وجودیان، لۆیێ ئەو موغناطیسیەتە ئەو حاجەیە هەتا حەددەك دڕوا لەوێ قەطع دەبی، کە موهیممەی خۆی ئەدا کرد وەظیفەی خۆی تەنفیذ کرد رادەوەستی، دەبی خالقی مەخلوقات دەور ببینی، کە الله(جل جلاله)، بێین

ئەو جارە تەمەشای ذات بکەین ئەصلەن شەخص ئینسانی مەخلوق بزانین دەوری وی ئیرتباطی وی داخیلییەن بەو مەخلوقاتانە و صیغەی تەکوینی ئەو عیلاقە نەوعییە لە لەحظەی یەکەمەوە هەتا ئەو مستەوایەی کە فیعلەن ذهنییەن ئیحساس دەکا ئەو عیلاقەیە مەوجودە، و ئرتیباطەك هەیە بەینی خۆی و بەینی مەخلوقات، موحتەمەلە مولاحەزەی ئەوەتان کردبی فەترەی منداڵیی ئینسان درێژترین و موعەقەدترین فەترەی منداڵیە لەناو مەخلوقات،(فترة الطفولة)ی پێ دەگوترێ، لەو لەحظەیەی کە جەنین لەناو رەحمی دایك دروست دەبی هەتا دەگاتە ئەو زەمەنەی کە ئیستعاب دەکا ئەو ذات لەناو بیئەك دەژی ماددی، عیلاقەکی نەوعی هەیە بەو بیئەیەی کەتێیدا دەژی، ئەوە هەمووی فەترەی تەکوین و تەنشیئەی جەنینی و طوفولی و فوتووە و موراهەقە و شەباب، هەتا دەگاتە مستەوای فەهم کە ذهنەن ماددەتەن ئیحساس بکا عیلاقەکی هەیە لەگەر وەسەط، منداڵ لە زگی داکی بەخەیطەك مەربووطە بە دایك، هەموو جیهازەکانی لە دروست بوون دان، دەست خەلییەی خاصصی خۆی هەیە خانە باری تەعالا بەواسطەی مەلائیکەت تەوجیهی دەست دەکا، خەلیەی دەست خانەی دەست ناچتە سەر شانە عضوی گێ یان مەعیددە، چوونکی خانەکانی دەست خانەکی خاصصن ئیللا لەبۆ دەست بەکار دێن، تەوزیعەکی موفەصصەل باری تەعالا خۆی موهەیمینە لەسەر ئەو تەوزیعە، بەیەك حەبل ئەو جەنینە مەربوطە بەدایك، هەرچی حاجاتی هەیە ماددی وەمەعنەوی بەو حەبلەی را نەقل دەبی لەو جەنینە لەبۆ دایك لە دایکیش لەبۆ ئەو جەنینە، ئەویش ناووکە(حبل السرة)، لە ڕێی خینەوە هەرچی ئیحتیاجی ئەو ذاتە هەیە ئەو جەنینە باری تەعالا لەڕێی خینەوە دەفعی دەکا، هەر لە خواردن و خواردنەوە هەر لە ئۆکسجین هەمووی بە خین دەکرێ، کە دێتە سەر وجود گەورەترین حاجە عیلاقە لەگەڵ وەسەط ئۆکسجینە هەوا، لۆیێ جیهازی سی، سی منالْ، صەدر ئۆتۆماتیکیەن کە هاتە دەر دەس بە ئیش دەکا بەبێ ئەوەی هیچ قووەتەك فەرضی ئیش کردنی لەسەر بکا، جیهازی یەکەمیتی جیهازی پاشی وی جیهازی ناقس هەظمە، ئەو دەست بە ئیش کردن دەکا، لۆیێ منداڵ ئۆتۆماتیکییەن کە دێتە سەر وجود دەست دەکا بە هەناسە وەرگرتن و هەناسە دانەوە، بەبێ ئەوەی کەس فێری کردبی، تەدریب و دەورەی تەدریبی لە ژۆرێ کردیە، لەناو زگی دایك، تەمرینی لەسەر کردیە، لۆیێ کە دێتە دەرێ ئۆتۆماتیکییەن دەست دەکا بە ئیشی هەناسە وەرگرتن و هەناسە دانەوە، کێ موهەیمین بووە (اللە).

عضوی دووەم:

مەعیدەو ئەمعاء لە دەوەوە دەست پێ دەکا دیسان باری تەعالا تەدریبی پێ کردیە لەناو زگی دایکی خۆی کە هاتە دەر یەکسەر سینگی داکی خۆی بگری بەواسطەی لێوەکانی بمژی مەص قورگ و مەریئوو مەعیدە، و پاشان ئەوجا بەشەکانی دکەی عضوی هەضم و ئیمتصاص هەمووی بە دیققەتەك وەکو دیققەی سەعات ئیشی خۆیان ئەدا دەکەن، کێ ئەو هەموو جیهازانەی بەئیشیتی خستیەو تەمرینی پێ کردینە؟ (اللە)، تەمەشای غیذائەکەی بکەین تەنەفوسی منداڵ نەفسی ئەو ئۆکسجینە وەردەگری کە ئەمە وەری دەگرین، لەگەر مە فەرقی نییە یەعنی ئیحتیاجی بەوەی ئەمە ئۆکسجینەك خاص لەبۆ

منالْ دروست کەین و بیدەینێ، چونکی لۆ؟ حاجەی یەکەمە، باری تەعالا کەلیمەی نەفخی ئیستعمال کردیە لە قورئان، نەفخ کە هەوایە، عایدی خۆیتی ئەوە جل جلالە عایدی بە مەخلوقات نییە لۆیە جیهازی هەوا وەرگرتنی منداڵ باری تەعالا بە قەدی پیاوەکی گەورەی دروست کردبی کە هاتە سەر وجود ئۆتوماتیکیەن بتانی هەوای بیئەی خۆی وەربگری بەس ئەوە، ما تەبەقا ئەجهیزەی دی هەمووی ئیحتیاجی بە تەمرین هەیە، لۆیێ یەکەمین جیهاز کە دەس دەکا بە ئیش کردن مەعیدەیتی، دەبی خواردنەکی موحەددەد، کەمییەی، حەجمی، دەرەجەی حەرارەی، و نەوعی تەکوینی ئەو ماددەیەی، ئەگەر لە دایکەکانمان بپرسین ئەو شیرەی کە لە سینگیانە لە لەحزەی یەکەم کە منداڵ دەیمژی ماددەکی موحەددەدە، دوو سەعات دوو سەعات نەوعی تەکوینی ئەو ماددەیە لە سینگیان دەگۆڕێ، لۆ؟ لۆوەی فیعلەن مەعیددەی ئەو منداڵە تازە ناسکە و بەدەنیشی بە واسطەی مەعیددەی یەك جوملە شتی ئیحتیاجە باری تەعالا ئەو سینگەی دەکاتە وەسیلە ئیذەن ئیرتیباطی جەنین لە بۆ بیئەی خارجی بە دوو ڕێیە:
ڕێی یەکەم: هەوا لە ڕێی نەفەس وەرگرتن سینگ جیهازەکەیتی. ڕێی دووەم: دەو کە بە واسطەی دەوی سینگی داکی خۆی دەمژی، ماددەی غیذائی وەردەگری لەبۆ نومووی خۆی، سینگەکە هەردەستی بە ئیمتصاصی ئۆکسجین تەحویلی دەکا لەبۆ طاقە، نەفسی وەقت مەعیددەش لەگەر ڕیخۆڵە باریکە و ڕیخۆڵە ئەستوورە ئیمتصاصی شیرەکەی دەکەن، دیسان تەحویل دەکەن لەبۆ طاقەی نمو و گەشە، هەر لە ژۆرێ ڕا باری تەعالا موهەیمن بوو لەسەر خەلییەی دەستی، لەسەر خەلییەکانی چاوی ئی پێی ئی مەعیددەی لە دەرێش باری تەعالا موهەیمینە لەسەر دەستی، لۆیێ کە دەردەچی دەستی هەیە چاوی هەیە، گێی هەیە پێی، هەیە ئەمما ئەوانە هەموی عوضوی موهمەلن هیچێك ئیش ناکا، هیچێك دەوری خۆی ئەدا ناکا، ئەوەی دەوری خۆی ئەدا دەکا فەقەط سینگ، کە هەناسە وەردەگری و دەدا لەگەر مەعیددەی، ئە وجا ئە وە یە سەبر سەبر ئەو عیلاقەیە رۆژ بە رۆژ لەگەر وەسەطی خۆی بیئەی خۆی تەطەوور دەکا، یەکەمین جار گێی دەبتەوە گێی لە دەنگ دەبی، پاشان سەبر سەبر چاوی دەبتەوە رەنگی پێ دەبینی، مەثەلەن یەکەمین دەنگ کە دەیبیستی دەنگی دایکە فەرز دەکا، عیلاقەی لەگەر کێهانی بە قووەت بی داك یان باب یان کێهان عونسور لەناو ماڵ صەوتی وی تەدیب دەکا، و ئیرتیباطی بەوی رەبط دەبی، مەثەلەن باب برێین ئەو منداڵە کە گەشەو نوموی کرد ئیرتیباطی لەگەر بابی زیاترە، هەر کە گێی لە دەنگی بابی بوو حەرەکەك عەفەوی دەکا، یەکەمین جاریش کە فێری دەبی بابە فێر دەبی، چوونکی بابی عیلاقەی لەگەر بابی بە قووەتە، لۆیێ تەمەشاکەن کەلیمەی باب لە هەموو لوغە نەفسی فۆنەتیك و صەوتی هەیە، لە هەموو لۆغەک کە منداڵ بابە ئەو کەلیمەیە ئەوجا بە(پ) یان بە(ب) بەکاری دەینی، هەموو جەنین، طفل، لەسەر کورەی ئەرز نەفسی صەوتی هەیە، چەند ئیرتیباطی بەو ذاتەی بە قووەت بی ئەوەندە صەوتەکە زیاتر بە قووەت و حەنین تر دەر دەردەچی، نەفسی شت دایك، طەبعەن ئەوەی موتابەعەی لوغەی کردبی ئەو ناوە ئەو کەلیمەیە لە هەموو لوغات تەقریبەن زۆر شەبیهی یەکە صەوتەکە، ئەگەر لوغاتیش لەبەینی یەك

فاصیلەیان هەبی فەرقیان هەبی، ئەوە هەمووی مەرحەلەی یەکەم ئەو ذاتە گەورە بوو گەشە و نمای کرد، ئەجهیزەشی لەگەر گەشەی کرد، مەرحەلەی دووەم ئیرتیباطی داخلی شعوری ئیحساسی لەگەر ئەو وەسەطەی کە تێیدا دەژی دایك و باوك و ذەواتی دکەنە، مەثەلەن بە واسطەی دەست حەز دەکا شت لەمس کا، شت بگری کە گرتی لۆ دەوی دەبا چوونکی یەکەمین حاسسە تەذەوق ئیحساسی پێ کردبی بەواسطەی لێوی و دەوی بووە، مومارەسەی لەسەر وەی هەیە، لۆیێ هەتتا ئاسنیش بگری لۆ دەوی دەبا لۆوە ی بزانی ئەو طەبیعەتی چییە، جیهازی فاحیصەی منداڵ دەوە، کە دەستی گرت و لۆ دەوی برد قیاس دەکا بە شعوری خۆی ئەوە چییە؟ ئەوە هەمووی بوعدی ماددی، بوعدی مەعنەوی غەیبی لەداخلی جوملەك مەشاعیر و ئەحاسیس هەیە، ئەویش کوو بەدەنی سەبر سەبر گەشەو نمای کرد تەدریبی کرد لەسەر شت گرتن، بردنە ناو دەو تام کردنی، ئەو جوملە ئەحاسیس و مەشاعیرە لە داخلیش لەگەر گەشەو نمای گەورە دەبی، ئەوانیش گەورە دەبن، مەثەلەن ئیحساس بە ترس، یان حاجەی ئیحساس بە ئەلەم، کە برسی بی منداڵ، ئیحساس بە ئەلەمەك موحەددەد دەکا ئەزیەتەك، ئەو ئەلەمەیە وەی لێ دەکا بە گریان تەعبیر لە حاجەی خۆی بکا، ئەوە ئیحساسەکە ئیحساس بە مەشاعری دکە کە فیعلەن بەینی ئەو منداڵە لەگەر بەینی بابی عیلاقەك هەیە، مەثەلەن پیاوی زۆر دابنیشی کە منداڵەکە پیاوەکانی دیت و بابی خۆشی دیت دەتانی بابی خۆی تەمیز کا لەبەینی ئەو هەموو شکلە دەمووچاوە، بەرەو بابی خۆی بڕوا، ئەوە ئیحساسەك موحەددەدە ئەحاسیسی ئەوها لەگەر گەشەو نمای بەدەنی ماددی ئەو منداڵە ئەویش گەورە دەبی، کوو ئیحساسی هەناسە فیطری بوو، ئیحساسی مژین فیطری بوو، لە داخلی لەناو زگی داکی تەمرین و تەدریبی پێ کرابوو، ئیحساسی عیلاقەی مەعنەوی بەینی خۆی و بەینی ئەو وەسەطەی کە تێیدا دەژی ئەویش فیطریە، ئەویش ئەصلەن تێیدا مەخلوقە، بیئەو وەسەطەکە وەی لێدەکا فیعلەن بتانی مومارەسە بکا، وەکو حەرەکەی دەست و چاوی و گێی، ئەو ئیحساسە داخلییەش سەبر سەبر ناقس تەدریبی پێ بکا و گەشەو نمای پێ بکا، ئەو حالەتەیە لە لیقائی پێشترێ بەحسمان کرد کە موغناتیسیەتەکەیە دروست دەبی بەینی ذات وەبەینی مەخلوقاتی موقابیل، سەبر سەبر ئەو عیلاقەیە قول تر عەمیق تر پتەو تر دەبی، ئیرتیباط بەینی ذات مەخلوقە گچکە کە، لەگەر ئەو وەسەطەی تێیدا دەژی ئیرتباطی بە قووەت تر دەبی، مەثەلەن ئیحساس بە ذات، ئیحساس بە ماددە بە پارە، کە گچکەیە بەینی دینار و لەگەر کەرتە ئاسنەکی ناکا فەرق پێ ناکا، ئەمما قیچەك لە عومر زیاتر گەورە بوو تەمرینی کرد لەسەر حەیات فەرقی پێ دەکا، مەثەلەن کە گچکە بی چەن مانگی بی، بەینی کاغەزو بەینی بەینی پێنج دیناری فەرق ناکا، ئەمما کە بووە دوو ساڵ و دوو ساڵ و نیوو سێ ساڵ تەمیز دەکا، سەبر سەبر کە عومری گەورە تر بوو عیلاقەی لەگەر پارە بە قووەت تر دەبی عەمیق تر دەبی ئیحساسەکە، کە حالەتەکە لە داخلیی ئیرتباطی هەیە بەو ماددەیە، ئیحساس دەکا فعلەن ئا ئەو دینارە ئەگەر بیباتە پێش لە دەستی کابرای دووکاندار دانێ، دوو چوکلێتی دەداتێ، ئیذەن دینارەکە وەسیلەکە دوو چوکلێتەکەی پێ تەحسیڵ، دەکا وەی لێ دێ طەوری موراهیقی

شەبابی چوکلێت و دینار لە مێشکی نامینێ چوکلێتەکە لادەچی هەمووی دەبتە دینار، لە بوعدی وەسیلە دەردەچی لەبۆ بوعدی هەدەف، مەثەلەن عیلاقەی لەگەر رۆژ، عیلاقەی لەگەر مانگ، عیلاقەی لەگەر ئاو، عیلاقەی لەگەر جاذبیەتی عارد، دیقەت دەنێ وەکی دەس دەکا بە رۆیشتن، تازە بەسەر پێ کەتیە، کە دەڕوا چونکی جاذبیەتی عارد لەگەر داخلی خۆی لەگەر بەدەنی خۆی موتەوازن نییە ناتانی بڕوا زوو دەکەوی، دەی هەتا لەسەر وەی تەدریب دەکا، سەبر سەبر فێرە رۆیشتن دەبی تەوازن بەینی جاذبیەتی عاردو بەینی خۆی تە وفیر دێخی، مومارەسە دەکا، بەسەر پێ دەکەوی، رۆیشتنەکەی سەبر سەبر بەو تەمرینە دەبتە ئیعتیادی، وەی لێ دێ ئە ئەو حالەتەی لە بیر دەچی کە فیعلەن عارد فەضلەکی لەسەر هەیە، بە حالەتەك موحەددەد موعەییەن دە روا لەسەر ئەو عاردەی کأنە هەر خۆی هەیە، هیچ وەختەك ئەو عاردە فەضلی لەسە نەبووە سەحبی نەکردیە، جەذبی نەکردیە،(بالأحرى) خۆشی موعاناتی نەدیتیە لە تەمرین نەکەتیە ئەزیە تی نەخواردیە، لۆیە ئەو کیبرو ئەو غرورە بەدیلی ئەو حالەتەیە کە لەناو صیراعی ئینسانەکە لەبۆ مادده بەدیلی وەسیلە دروست کردنەکەیە، کە ماددەکە دەبتە هەدەف، ئەوە کەینێ وەی لێ دێ؟ کە فیعلەن ریسالات لە دەوری حەیاتی ئەو ذاتە ئینکلیماشیان کردبی، سەحب بوو بن، ریسالات سەحب بووبن، شەیاطین دەوری خۆیان دیتبی، مەحاوەلەی ئەوەی بکەن قەولەبەی فیطرەی ئەو ذاتە بکەن غموض تۆز غوبار باوێنە سەر فیطرەی ئەو ذاتە، کەینێ شەیاطین تانیان ئەوها بکەن؟ فعلەن ئەو ذاتە لە بوعدی هیدایەت دەرچوو لەبۆ بوعدی ضەلال، لۆیێ هەر وەقتەك، هەر وەقتەك خوطورەی جەڕەسی خەتەری بەشەریەت لێی دابی باری تەعالا زوو پێ راگەیشتیە رەسولی لە بۆ ناردیە چونکی ئەو حالەتە تەفاقوم دەکا دەگاتە حەددەك خودا(جل جلالە) ئیهمال دەکرێ، وە حەققی خودای سەحب دەکرێ دەدرێتە مەخلوقاتی دکە، مەثەلەن وا تێدەگە مادە سەعادەتی لە بۆ پەیا دەکا مادە دەیژیێنی، مادام ماددە تانی دکتۆری لەبۆ پەیا بکا دەرمانی لو پەیا بکا، و قصوری لۆ دروست بکا، و مادە پارە، ئیذەن مادەش دەتانی خولودی لەبۆ دروست بکا! ئەو وەختی ئا ئەو فیطرەیە سەبر سەبر لەبۆ قالب کردن دەچی، قالب بی لەسەر حالەتی ضەلال، شەیاطین تە ئثیری لێ بکەن، ئەو وەختی ئەو ماددەیە دەبیتە صەنەم، ئەوجا هەرچ لەززەتەك هەرچ بوعدەك لە مەطالیبی شەخص لەو حالەتە تەمرینییەی جنینییەی دەردەچی لە بوعدی صحیح، لەبۆ بوعدی سلبی شەیطانی وەیلێدێ شەیطانەکە خۆی بتانی بە تە مامی غوبارە ك توزە ك زۆر باوێتە سە ر فیطرە ی ئە وزادە حەل چییە لێرە؟ باری تەعالا سەرلەنوێ ڕیسالە بنێری بە واسطەی ڕەسول، ڕەسول چ بکا؟ بێ فێرە نوێژیان بکا؟! بێ بەحسی صەومیان لەبۆ بکا؟! بێ بەحسی احکامی نیکاح و طەلاق و ئەوانەیان لەبۆ بکا؟! نەخێر ئەوانە هەمووی موحەدەدن، جوملەك ئوموری موحەدەد ثانەوی تابعن، ڕەسولەکە کە ئەصلەن کە هاتیە یەکسەر فیطرەی ئینسانەکەی ئەصلی ڕەبط کردییە سەرلەنوێ لەگەر ئەو مەخلوقاتانەی کە مەوجودە لە وەسەطی، ئەوە ئیشی ڕەسولەکەی بووە، هەموو روسول قاطیبەتەن ئەوهایان کردییە، ئەی ذات موڕاجەعەی تەصەوری خۆی بکە بەرامبەر کولی

مەخلوقات، ئەوە مەرحەلەی یەکەم، ئەتوو خۆشت مەخلوقی، ئەو بیئەیەی کە تێشیدا دەژی هەمووی مەخلوقە، هیچ قووەتەك نییە، ئەوەی خوا دایتییە توو ئەوە ببتە بەدیل، لەوەی کە خۆی لۆ خۆی بە تەصەوری خۆی بە بەدیلی دانابی،ئەوەل جار لەوەی دەدا ڕیسالە و ڕەسول، پاشان ئەوجا ئەوەی سەبر سەبر فەصل تە فنیش دەکا دەکا ئەو مەخلوقە ڕۆژە، ئەو ڕۆژە ئیرادەی توی لەسەر نییە، بتەوێ و نەتەوێ ئەوە هەڵدێ، لۆیێ فەجر دروست دەکا، ضوحا دروست دەکا، عەصر دروست دەکا، مەغریب دروست دەکا، لەیل دروست دەکا بە ئاوابوونی، ئیرادەت لەسەر نییە بتەوێ نەتەوێ ئەوهایە مانگ کذلك، عارد کذلك، چیا کذلك، بزانی حەجمی خۆت چەندە! لۆی تەفصیل دەکا، کەینێ ئا ئەو ماددەیە دیسان نەقل بوو لەبۆ داخیلی، ئەو ماددەیە کە ئەو ذاتە ئیرتیباطی پێوە بوو موغناطیسیەن، بڕێین عەکس کرا لە بۆ داخیلی ئەو وەختی فیعلەن تەزکیە دەست دەکا بە دروست بوون، تەزکیە، کەینێ تەزکیەکە بوو فوئادەکە دیسان وویستی ببتە فطرە بە نەقائو بە صەفاء قەلب دەست دەکا بە ئیش کردن، هەرچی شتەك لە ناو داخلی ذاتەکە بە عیلم داندرا بی بە ئەمانە ئیبراز دەبن دەردەچن، ئەو وەختی عیلاقەی صەحیح ئی خیلقی بەینی ذات و بەینی مەخلوقات دروست دەبن، دیسان سەر لە نوێ، دەتانی فیعلەن مومارەسەی حەقیقی و صەحیح بکا لەگەر مەخلوقاتی خوای لەسەر وجود، لۆیێ موهیمەی روسول هەموی تلاوەیە بابی تیلاوە تەفصیل دەکرێ لە قیرائە، لە ذکر، لە تەسبیح، لە سجود، ئەوە هەموی سەبر سەبر گەورەتر دەبتەوە لەبۆی هەتا دەگاتە مەراحیلی موتەطەووڕ، مەرحەلەك فعلەن حەتتا لە ذکری(اسم ربك) دەردەچی لەبۆ(ذکر ربك) کە مەرحەلەکە، بەواسطەی مەخلوقاتی خوای کە خوای ناسی عیلاقەی لەگەر مەخلوقات قەطع دەبی موباشر لە(تبتل) دایە، مونقەطیعە ئیللا لەگەر خوای نەبی ئیللا ئیرتیباطی موباشری بە(رب العالمین) هەموو لەحەذات سەکەناتی لەگەر خوایە فەصل دەبی لە مەخلوقات، مەخلوقات هەمووی دوونی خۆیتی لەخۆی کەمترە، ئەو وەختی ئەو تەعامولی ئیجابی لەگەل مەخلوقات بە مەفهومی تەسخیر، ئەو حالەتە دروست دەبی ئەو وەختی ئیستجابەی مەخلوقات دەبی وفقی ئیرادەی وەی چونکی ئیرادەی وەی موقابل موطابقە لەگەر ئیرادەی خوای لەگە مەخلوقات، ئا ئەوەیە کە(رب العالمین) دەفەرمی بە نسبەت ئیستجابەی ذات لە بۆ ریسالە:(يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ) ( الجمعة٢)، هەتا ئەو تەزکیە نەبی فەلاح دروست نابی، ئەها(قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ ( المؤمنون ١) ئەوجا(الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ ( المؤمنون ٢))(والذین هم.. والذین هم.. والذین هم..) بە چ؟ لە بیدایەت لە سورەی بیدائی(قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى ( الأعلى ١٤)(قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا) ( الشمس ٩) ها قاعیدەکەش قورئان چوونکی خۆی قانونە قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى (الأعلى ١٦) (وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ) ( الأعلى ١٥) ئەوجا(فصلی) قاعیدە قورئانییەکە(قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى ( الأعلى ١٤) ئەصلە(وذکر اسم ربە)ئەوجا(فصلی) ئەوە قانونەکەیە، ئیرتیباطی ئەو ذاتە لەگە مەخلەقات بەو مواصەفاتانەی کە خوا ویستیتی، ئەو وەختی کە خالق دەناسی، ئەو وەختی عیلاقەی صەحیح دروست دەبی بەینی خۆی و خالق، کەینێ ئەو ئەبعادانە هەمووی ئیهمال کرا، تەزکیەکە نەکرایە، کە تەزکیە نەکرابی تەقوا دروست نابی، ئەو

تەقوایە دروست نەبی ئیمان نییە، لۆیێ باری تەعالا جەننەتی لە بۆ دوو فیئە دانایە فەقەط موتتەقی و موئمین، یەك ئایەت یەك ئیشارەت نییە لە قورئان (موسلیم) بچتە جەننەت، ئەوەی کە ئەمە خۆمان پێوەی ماندی دەکەین، یەك ئایەت نییە لە قورئان بەحسی موسلیمەکی کردبی بچتە جەننەت، هەموی مؤمن و موتتەقیە، لەبەرئەوەی ئەو تەکوینە جەنینییە لە داخل ئیحتیاجی بە زەمەن هەیە، لۆیێ ئیمانیش ئیحتیاجی بە زەمەن هەیە، عیلاقە دروست کردن لەگەر ذاتی(رب العالمین) ئیحتیاجی بە زەمەن هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو جەنینە ئیحتیاجی بە تەمرین هەیە بە جوهد هەیە صەرفی کا لەسەر خۆی، لۆیێش عیلاقە دروست کردن لەگە ذاتی(رب العالمین) ئیحتیاجی بە جوهد هەیە، ئیحتیاجی بە تەمرین هەیە، هیچ وەقتەك ئوتوماتیکیەت لە حەیاتی ئەو جەنینەی دەوری نییە، کەینێ ئەگەر هاتوو ئەمە هاتین بە دەرزی لە رەحمی ئەو ئافرەتەمان دا لۆوەی زوو جەنینەکە پێ بگا لەسەر حیسابی نەوعی ئەو جەنینەیە، موحتەمەلە موشەوەهـ دەرچی، موحتەمەلە خەلەلەك لە بونییەی تەکوینی ببی، لۆیێ ئیللا دەبی بە طەریقەی خۆی بەو خیطەیەی کە باری تەعالا زەمەنەن لەبۆی دایناب‌ی، ئیللا دەبی ئەوها بێ، لۆیێ حەتتا ئەثنای تەکوینیشی مەثەلەن ئەشیعەی ئێکس بگاتە جەنین دەیفەوتێنی، لۆیێ باری تەعالا بە سێ پەردە(فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ) ( الزمر٦) حیمایەی دەکا و حیفظی دەکا، هەر وەقتەك ئەثنای عیلاقە دروست کردنی ذات لەگەر(رب العالمین) ئەدنا ئیختراقات ببی بە مەفاهیمی دینی و غەیری دینی لە بۆ داخیلی ئەو ئینسانە خەلەل دروست دەکا لەناو داخلی، ذات دەیەوێ تەزکیە دروست کا بەینی خۆی و بەینی(اللە)(أن یتزکی)، هەتا فەلاحەکە ئیجاد کا لەو ئەثنایە وەکو جەنینەکەیە، هەر شەخسەك، هەر طەرەفەك، هەر فیئەك، هەر مەوضوعەك، بێ ئیختراقی ئەو خەطەی بکا وەکو ئەشیعەکەیە، تەئسیر لە نموی ٤٠:٤٧ ئەو جەنینەی دەکا، لەبەر ئەوەی کە ئەو ذاتە لە زگی داکی دەرچووە ئێستە بە مەراحیلی موتەقەددیم عاردیش خۆی کورەی ئەرض وەکو دایکەکە ئەصلەن(مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ) ( طه ٥٥) ئیذەن ئەو کە ئێستە لەسەر کورەی ئەرز مومارەسەو حەرەکەو ئەنشیطە دەکا کە ئەننەهو لەسەر رەحمی دایکی ئەصیلە حەرەکەو ئەنشیطە دەکا هەر ئەو دایکەشە غیذائی دەداتێ شتی دەداتێ مەصدەری ئەخذی ئەو ذاتە لەسەر ئەو کورەی ئەرضەیە لۆێ کورەی ئەرض تەمثیلی داکەك دەکا موستەمیڕ دائیمی لۆیێ هەرچی هەیە ئەو ذاتە هەیتی ئی ئەو عاردەیە یان موباشیر یان غیر موباشیر ئیذەن ئیختراقاتی شەیطانی لە بۆ ئەو خەططەی لەگە ئەو تەییارەی کە ذاتەکە دەیەوێ لەگەل (رب العالمین) دروستی کا بە مەفهومی بیناء هەر ئیخرتراقەك حەتتا بە مەفهومی دینیش بی خەلەل دروست دەکا لە بینای ئا ئەو ذاتە وەکو کە ئەننەهو ئیشعاعییەن تەسلیطی ئیشعاعی ئێکس دەکرێ لەسەر جەنین لۆوەی خەلەل لەبۆی دروست بکا لۆیێ با غیبەتی کەس نەکەین ئەمە خۆمان لە داخلی خۆمان ئیحساسمان بەوەی دەکرد لا یەزال ئیحساس دەکەین بەو غوربەتەی کە تێمان دا مەوجودە بەوەی کە فعلەن ئەمە ئیحساس بە لەززەتی تەعەببود ناکەین ئیحساس بە ئینشراحو ئیطمئنان ناکەین عیلمەن ئەو ذیکرەی باری تەعالا دەیەوێ دەیکەین ئەمە ئەو

تەسبیحەی کە ئێستا وە رمان گرتیە تەسبیحاتی پێ دەکەین ئەو سجودەی کە مەطلوبە لێمان بیکەین دەیکەین ئەمما لەبەر ئەوەی ئەصلەن بەو طەریقەیەی نەهاتیە بە طابعی ئوتوماتیکیەت هاتیە لۆیێ حالەتی مەطلوب لەناو داخل دروست نەبووە و دروست ناکرێ دروستیش نەکرایە ئەمە دەرزیمان لێدرایە لۆیێ باری تەعالا ئەگەر مولاحەزەتان کردبی ئیستە مەثەلەن نەبات نەبات غورەف زوجاجی هەیە خانی بە شوشە کرای ئەجواء لە بۆ نەبات دروست دەکا جەو بیئە بیئەی خارجی مەثەلەن وەختی خۆی زستانان لەبیرمە ئەمن تەماتە لە هەولێرێ نەبوو ئێستابە زستانا تە ماتە هە یە بە زستان شفتی نە بوو ئیستا شفتی هەیە بە چ دەکرێ جەوی خارجی ئا ئەو ثەمەرەیە حازر بکرێ لۆوەی فیعلەن ئەو ثەمەرەیە ئیحساس بکا فعلەن لەو جەووەی دەژی کە تێیدا مەخلوقە ئما ئەگەر بێتو ماددەی ئیضافی لەسەر ئیظافە بکرێ لە تەکوینی مەثەلەن شفتی حەجمی گەورە بکرێ ئەوە تەدەخخولە نەك لە خارج تەدەخخولە لە بونییەی شفتی لۆیێ لەسەر حیسابی تامی شفتی دەبی ئەو وەختی لەسە حیسابی تامی شفتیە کەی شفتیە کی سۆر گەورە جوان شکلی ئیشتیهات دەچتێ بیخۆی ئەمما کە تامی دەکەی لەگە خیار فەرقی ناکەی وەیە یان نا زۆر جار ذاتش ئەوهای لێدێ زۆر جار ذات وەی لێدێ لەبەر ئەوەی بەو نوموە طەبیعیەی دا نەچووە جەوویشی لەبۆ ئیعداد نەکرایە بەعزە ئایات بەعزە ئەحادیس بەعزە شت ئەوها خۆی ئیعتبار دەکا فعلەن تەخەططی مەرحەلەی جەنینی کرد گە یشتە مەرحەلەك فەوق ئەمما بەستەزمانەی لەوێ ئیحساس دەکا مونقەطیعە نەك لەو وەسەطەی کە تێیدا دەژی ئیننەما حەتتا لە وجود لە بیئە لە مەخلوقات مونقەطیعە لۆیێ هەموو تەصەووری فیکریشی لەگە مەخلەقات نییە دائیمە بە فەوقیەت تەمەشای مەخلوقات دەکا بە فەوق بە وەصی بە مونتەصیر عیلمەن ئەصلەن ئیستجابەی خۆی لەگەر ئەو مەخلوقاتە تەوافوقی بوو تەوافوقی بوو نەك تەسەللوطی یەعنی ئەو ئەو کورەی ئەرضە دەیداتێ قوبولی دەکا ئەویش دەداتە کورەی ئەرض کورەی ئەرض قوبولی دەکا نەك موتەسەللیطە لەسە کورەی ئەرض دائیمە حاکیمە نەء موتەوافیقە موتەناغیمە موندەمیجە ئەو ئیحساس و شعورە ئەخذو عەطای هەیە بەینی خۆی و بەینی مەخلوقات لۆ چوونکی لەناو زگی ئەو مەخلوقاتانە دائیمە بەخێو دەکرێ دائیمە عەطائی هەیە ئەو مەخلوقاتانە لەبۆی ئەویش دائیمە ئیستجابەو ئیستعدادی هەیە لۆیێ چەند لە حالەی بیناء بلند تر بی خۆی بە گچکە تر دەزانی بەرامبەر مەخلوقات چوونکی ئەو مەخلوقە وەظیفەی کە پێ راسپاردرابی کامیلەتەن ئەدای دەکا موحتەمەلە ئەمما ئەو تەقصیری هەبی مەثەلەن بەرداغەك ئاو دەگری باری تەعالا لەبۆ چی خەلق کردبی ئەو ئاوەی ئەو ئاوە دەورو وەظیفەو موهیممەی خۆی ئەدا دەکا ئەمما ذاتەکە نەخێر موحتەمەلە تەقصیری هەبی لۆیێ لەو ئاوەی طەلەب نەکرایە ئیستغفار بکا ئەمما لە ذاتەکە طەلەب کرایە ئیستغفار بکا ئەو قە تە راتی ئەو ئاوە ذەراتی ئاو موسەببیحن ساجیدن لە بۆ خوای ئەمما ئەوە موحتەمەلە قوسوری هەبی لەبۆ تەسبیح و لەبۆ ذیکرو لە بۆ عیبادەت، ئەوە هەموی وە ئەمثیلە زۆر هەیە صەراحەتەن هەموو مەخلوقات بەو فەتەراتانەدا دەروا باشترین دەرسە باری تەعالا دەیداتە ئەو جومووعاتەی کە دەیانەوێ

فعلەن بە حەق بیناسن وە موکەررەریشە دائیمە و هیچ وەقتەك ئەو حالەتە لەسەر کورەی ئەرز ئینقراض ناکرێ بەشەر ئیللا دەبی جەنینی هەبی بىبی مندالی بىبی منداڵەکەش ئیللا بەو ئەطوارانەدا بروا بەو مەراحیلانەدا بروا و ئەو مەراحیلانەش هەر مەرحەلەك پێش و پاشی خۆی هەیە یەك تەقدیمی مەرحەلەکەی دکەی دەکا هیچ وەقتەکیش ئەگەر موتابەعەی مەرحەلەك لەبۆ مەرحەلەکی دکە نەکرێ تەوەققوف دروست دەبی یەعنی مەوت یەعنی فەناء نەمان دائیمە دەبی لە حەیەویەو حەرەکە دابی نەشاطدابی ئەو مەخلوقە لە بلندبوون و تەرەففوع دابی نەفسی شت ذاتیش کە دەیەوێ لەگەر خوا عیلاقەك دروست بکا بەو مەراحیلانە دا دەچی لە گچکەیی یەوە سەبر سەبر عیلاقە لەگەر خوای دروست دەکا بەو ئەطوارانە هەتا دەگاتە ئەو سەقفەی کە خوا دەیەوێ لەو سەقفەی باری تەعالا لێی رازی دەبی لۆیێ یەك جوملە تەصانیف وەختی خۆی لە خزمەتتان بەحسمان کرد لە دەرس دەرسی سیرە و دەرسی چۆنێتی ئیمان کە لە ناو جوموعی بەشەر(کالانعام) هەیە(أضل) هەیە ئینسان هەیە ناس هەیە(بني آدم)هەیە بەشەر هەیە موسلیم هەیە موئمین هەیە موتتەقی هەیە موحسین هەیە(صدیق)هەیە شوهداء هەیە ئوانە هەموی لەناو مەرتەبەی ئیمانی ئەدنا خەلەل دروست کردن لە ئەثناء بیناء خەلەل دروست دەکا لەسەر داخیل لۆیێ مەثەلەن لایەزالیش لە یابان لەشاری هیرۆشیما و ناگازاکی وەختی خۆی قەنابلی ذەرری تەقاندرایە سەریان بە ظولم ئێستاش هجینەکان کە ئەجیال دروست دەبی لەسەریان هەموو موشەووەهن کەینێ خەلەل دروست بوو لە ئەطواری بیناء خەلەل لە تەکوین دروست دەکا کە دەریش دەچی بە غەیر نوضوج دەردەچی لۆیێ ئەو ذاتە ناتانی دەوری خۆی کامیلەتەن ببینی لە وجود، تەمەشاکەن چەن ئەفکاری تەربەوی هەیە لەسەر کورەی ئەرز مەسەلەن لە مەدرەسەی رەئسمالیەت چەن محاوەلاتی بینائی تەربەوی هەیە لە ئشتراکیەت چەن ئەفکاری بینائی تەربەوی هەیە، چونکی بەو مەراحیلانەدا ناچی لۆیێ هە مووی ناقصە ذات دروست دەکا ذاتەکە مقەولەبە ناقصە ناتانی ئەدای موهیممەی خۆی بکا لەسەر وجود بەو تەقصیرەش دەمینێ لۆیێ ئێستا ئەفکاری ماددی وەحەتتا دینیش هەموی موعاناتیانە هەموی لە واوەیلان لۆوەی فیعلەن ئا ئەو ذەواتانەی کە مەطلوبە ئیعداد نەکرایە و دروست نەبووە دوعا دەکەین لە باری تەعالا خۆیوەکیل بی مووەفیق بی هادی بی مورشید بی وەحیفاظەت و ریعایەت بکا ئەصلەن لەبۆ خەیطی هیدایەت پاشان دەفعمان بکا و هەر طەورەك لەو ئەطوارانە هەر لەحظەك لەو لەحظانە خۆی بمانگری خۆی رێنمایمان بکا لەبۆ ئەصەحترو ئەقبەل تر خۆی بە تەوفیقی خۆی بمانگەینتە مستوای رضوان ئەگەر ئەمە خۆشمان لایەقی ئەەی نەبین ئەمما ئەو خۆی لایقە حافظە لە شەیاطین لۆوە ی ئختراقمان نەکا لە ئەسنای بناء(نَّهُ هُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ) ( الإسراء ) وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم. سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين.